حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر
کۆلێژی ئاداب

زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر

Salahaddin university-Erbil

# شەریف پاشای خەندان ( ۱۸٦٥ – ۱۹٥۱ )

پڕۆژەی دەرچوونە

پێشکەش بە بەشی ( مێژوو ) کراوە، وەک بەشێک لە

پێداویستیەکانی بە دەستهێنانی پلەی بە کالۆریۆس لە زانستی مێژودا

ئامادەکراوە لەلایەن

**تریفە ئەرسەلان قادر**

بەسەرپەرشتی

**د. ئارەزو حسن یوسف**

نیسان / ۲۰۲٤ ۲۷۲٤ ک ۱٤٤٥ هـ

## ناوەڕۆک


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| | پێشەکی |
| | تەوەرەی یەکەم: ژیانی شەریف پاشای خەندان ( ١٨٦٥ ز – ١٩٥١ز ) |
| | باسی یەکەم : بنەماڵەی شەریف پاشای خەندان |
| | باسی دووەم : ژیان و کەسایەتی شەریف پاشای خەندان |
| | تەوەرەی دووەم: ژیانی سیاسی شەریف پاشا |
| | باسی یەکەم : ژیانی ئیداری ڕوناکبیری شەریف پاشا |
| | باسی دووەم : ژیانی چالاکیە سیاسیەکانی شەریف پاشا |
| | تەوەرەی سێهەم: شەریف پاشا لەبەردەم کۆنفراسی ئاستی لە پاریس ( ١٩١٩ – ١٩٢٩ ز ) |
| | باسی یەکەم : کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس ( ١٩١٩ – ١٩٢٠ ز ) |
| | باسی دووەم : شەریف پاشاو یەکەمین یاداشتنامەی کە پێشکەش بە کۆنگرەی ئاشتی کردووە لە پاریس |
| | ئەنجام |
| | لیستی سەرچاوەکان |

| پاشکۆ | |
|---|---|

## لیستی هێما کورتکراوەکان

لیستی هێما کورتکراوەکان بەزمانی کوردی

| ژ | کورتکراوەی وشەکان | وشەکان |
|---|---|---|
| ١ | و: | وەرگێڕان |
| ٢ | س . پ | سەرچاوەی پێشوو |
| ٣ | ب . ش . چ | بێ شوێنی چاپ |
| ٤ | ل | لاپەڕە |
| ٥ | چ | چاپ |
| ٦ | چ | چاپخانە |
| ٧ | ب | بەرگ |
| ٨ | ژ | ژمارە |

## پێشکەش :

ئەم توێژینەوە پێشکەش بە:

- دایک و باوکم کەوا هەردەم پاڵنەر و ڕێ نیشاندەرم بوونە بۆ درێژەدان بە خوێندن .
- بۆ هەموو هاوڕێکانم لە زانکۆی سەلاحەددین داش هەولێر بە گشتی بەشی مێژوو بەتایبەتی .
- هەموو ئەو کەسانەی کە بە دوای زانست و زانیاری دا دەگەڕێن پێشکەشە بە مامۆستای سەرپەرشتیارم ( **د. ئارەزو حسن یوسف** ) کەوا زۆر ماندوو بوو لەگەڵم .
- سەرۆکایەتی بەشی مێژوو مامۆستا بەڕێزەکان .

**سوپاس و پێزانین :**

- سوپاس بۆ خوای گەورە کە توانای پێ بەخشیم بۆ تەواوکردنی توێژینەوەکەم.
- سوپاسی (**د. ئارەزو حسن یوسف** ) سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم دەکەم هەرکوو ماندووبوونێکی زۆری لەگەڵ کێشاوم و ئەرکی سەرپەرشتی کردنی توێژینەوەکەمی گرتە ئەستۆو زۆر هاوکارم بوو.
- سوپاس بۆ هەر کەسێک کە لە هەر وشەیەک یا پیتێک کە یارمەتی دام .

## پێشەکی

شه ریف پاشا كه ناسراوه به ژه نه راڵ شه ریف پاشا یه كێكه له سه ركرده گه وره كانی كورد كه هه میشه له هه ولی به ده ستهێنانی مافه نه ته وه ییه كانی كورد هه وڵی داوه له چه ندین پیگه ی سیاسی گرنگ رۆڵی گرنگی هه بووه له وانه به شداریكردن له كۆنگره ی ئاشتی له پاریس ١٩١٩ ز هه روه ها ڕۆڵی هه بووه له دامه زراندنی كومه له ی ته عالی و ته ره قی هه روه ها یه كه مین گوتاری كوردی به زمانی فه ره نسی بڵاو كرده وه به ناوی مه شروتییه ت كه رۆڵی گرنگی هه بوو له بڵاو كردنه وه ی ده نگی كورد بۆ جیهان

له ڕاستیدا چه ند هۆ كارێكی باڵنه ر هه بوو بو هه ڵبژاردنی نه م بابه ته له هه موویان زیاتر ده گه ریته وه بو گرنگی با به ته كه چو نكه شه ریف پاشا یه كێكه له و سه ركردانه ی كه توانیویه تی له ریًگه ی ئه نجامدانی چه ندین هه ولًی سیاسی توانیویه تی ئوتۆنۆمی بو كورد ده سته به ر بكات بویه له م توێژینه وه یه به گرنگمان زانی باس له كه سایه تی شه ریف پاشا بكه ین بو ئه وه ی زیاتر ناشنا بین پێی

ڕێسازی به كارهاتوو له م تویژینه وه به رێبازی میژوویه له گه ل كه مێك له رێبازی شیكاری و وه سفی له ڕاستیدا زمانی نوسین له م توێژینه وه به زماني كورديه له كاتێكدا زۆربه ی سه رچاوه كان به زمانی ئینگلیزی و عه ره بی بوون تارِاده یه كی ۆ كلۆسب و ته گەرەی بۆدروست كردم به لاَم فێری ئه وه بووین ده توانین به ماندوو بوون ئه وه به ده ست بهێنین كه ده مانهه ویست.

توێژینه وه كه م پێک هاتووه له سێ ته وه ره ی سه ره كی له گه ل ئه نجام و لیستی سه رچاوه كه له كوتایی تویژینه وه خراوه ته روو ته وه ره ی یه كه م پیک هاتووه له دوو لقی سه ره كی لقی یه كه م باس له بنه ماڵه ی شه ریف پاشا ده كات لقی دووم باس له ژیانی شه ریف پاشا ده كات ته وه ره ی دووه م له دوو لقی سه ره كی پێک هاتووه لقی یه كه م باس له ڕۆلی ئیداری و روناكبیری شه ریف پاشا ده كات لقی دووەم باس له

ژیانی سیاسی و چالاکیە سیاسیە کانی شە ریف پاشا دە کات تە وەرەی سێیەم  لە دوو لقی سە رە کی پیک هاتووە لقی یەکەم  باس لە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس ( ١٩١٩ – ١٩٢٠ ز ) ، لقی دووەم باس لە شەریف پاشاو یەکەمین یاداشتنامەی کە پێشکەش بە کۆنگرەی ئاشتی کردووە لە پاریس .

نوسینی ئە م تویژینە وە  پشت بە کومە لێک سە رچاوە ی گرنگ بە ستراوە لە وانە کتیبە بە ناوبانگە کە ی فە رهاد پیربال بە ناوی ژە نە راڵ شە ریف پاشا [٩] هە روە ها کومە لێک لە گۆڤارو ڕۆژنامە لە وانە گوتاری( ڕە نگیین- پەیڤین )  کە چە ندین ڕوو داوی گرنگ لە ژیانی شە ریف پاشا دە خە نە ڕوو.

## تەوەری یەکەم: ژیانی کۆمەڵاتی شەریف پاشای خەندان ( ١٨٦٥ - ١٩٥١ )

### باسی یەکەم:  بنەماڵەی شەریف پاشای خەندان:

لە دوای سەدەی ١٦کۆنترین بنەماڵە ( جەعفەر ئاغا )، ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە سەروبەندی ژیانی جەعفەر ئاغا دەکەوێتە دوای سەدەی ١٦هاوتەمەنی فەقێ ئەحمەدی دارشمانە بووبێت چونکە بابە سلێمان کوڕی فەقێ ئەحمەدە [1] لە کاتی حوکمڕانی بابان یەکێک بووە لە ئاغاکانی سەرحەد کەهکەی ناوی ( عەلی ئاغا ) بوو، کچێکی لە شازادەکانی بابان هێناوە ناوی ( خەندان خان ) بووە ، خەندان خان کاتێک هاوسەرکەی یاخود باوکی لە ماڵ نەبووایە خۆی کاروباری وڵاتی بەڕێوە دەبرد ، لەو شەڕانەی لەگەڵ ئێرانییەکان کراوە ئازایەتی و لێهاتووی خۆی پیشان داوە ، بەم جۆرە ئەم شاژنە ئازایەتی خۆی بە جیهان نیشان داوە  ئەم خێزانە بەناوی خەندان ناسراوە لە پیر و پیاوانی ماقوڵانی ئەم سەردەمە دەگێڕنەوە لە بنەماڵەی خێزانی بابان لە ( دارەشمانە ) فەقێ ئەحمەد لەگەڵ تورکەکان لە شەڕی ( صەلیبیەکان ) لە زۆرانبازی گرەوی بردووەتەوە  کچی( پرسن ) ئینگلیزی بە دیل گرتووە ناوی ( کەیخام ) بووە کردوویەتی بە هاوبەشی ژیانی خۆی جەعفەر ئاغا و خەندان و خان محەممەد ئاغای دارۆغا لە قەڵاچوالان لەسەر لووتکەی گردێکی نزیک وێرانەی قەڵاچووانان نێژراون ( قەڵاچوالان مانای قەڵای چوالە بادەمە لە پێش شاری سلێمانییەوە یەکەمین جێگای حکومڕانی بابانییەکان بووە قەڵاچوالان کە کەوتۆتە شاری سلێمانی ٣٠ کم لە شاری سلێمانی دوورە لە ساڵی ( ١١٩٦ه ک ، ١٧٧٩ز) پاشای بابان بناغەی شاری سلێمانی داناوە [2] هەندێک لە پاشا بابانییەکان لایەنگری عوسمانی و هەندێک لایەنگری ئێرانی بوون بە هۆی دووبەرەکی ناوخۆییانەوە حکوومەتەکەیان لەناو بردووە ؛لە ساڵی ( ١٨٤٧ ) حکوومەتی ئێران و عوسمانی لە نێوان خۆیان پەیماننامەیەکیان بەستووە بە ناوی ئەرزەڕووم ( پەیماننامەی ئەرزەڕووم لە ساڵی ( ١٨٤٧ ز ) لە نێوان دەوڵەتی ئێران و محەمەد پاشا و دەوڵەتی عوسمانی سوڵتان عەبدولمەجید لە ئەرزەڕۆم بەسترا[3] بە پێی ئەم پەیماننامەیە ناوچەی ئەرزەڕووم و دەوروبەری لەژێر ئیدارە و حکوومەتی عوسمانی دابێت ئەمەش بە هۆی دووبەرەکی نێوان میرەکانی

١ جیمس ریج ، رحلة في تأريخ ، ١٨٨٠ ، وبهاءالدين نورى ، ١٩٥١ ، ل ٣٦ .

٢ ئەمین زەکی بەگ ، تأريخ السليمانية ، و: جميل أحمد ڕۆژبەیانی ، بغداد ، ١٩٥١ز ، ل ٩٤ .

٣ جیمس ریج ، س ،پ ، ل ٣٥٤ .

بابان بووە ، بەمەش کۆتایی نەهاتووە بەڵکو لە نێوان عەبدللە پاشا و ئەحمەد پاشادا[1] بە بەردەوامی شەڕ و ململانێ لە نێوانیاندا هەبووە، ئەمەش بۆتە هۆی وێرانکردن و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی کوردان [2] (ئەم قوتابخانەیە لە ساڵی ١٨٩٣ ز کراوەتەوە پۆلی یەکەم و دووەمی هەبووە محمد ئەمین زەکی بەگ یەکێک بووە لە قوتابییەکانی ئەم قوتابخانەیە) سەعید پاشا قوتابخانەی ( ڕوشدیەی عەسکەری ) لە سلێمانی کردۆەتەوە بۆ پێگەیاندنی نەوەکان[3] ، سەعید پاشا باوکی شەریف پاشا بووە وە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ سوڵتانی عوسمانیدا هەبووە، سوڵتان زۆر باوەڕی پێ کردووە و خۆشی ویستووە پاشان تووشی نەخۆشی ( تەڕاخومە ) دەبێت وە تووشی نەخۆشی دڵتەنگی دەبێت لە هاوینان چۆتە ( جاملیچە ) لە باغي ( بالکر سلوی ) لە کاتەکانی بەسەر بردووە دکتۆرێکی تایبەت لە ئیمپراتۆری ئەڵمانی لەسەر فەرمانی سوڵتان هێندراوە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی لە ساڵی ١٩٠٧ ز لە تەمەنی هەشتا و یەک ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە [4] ، سەبارەت بە براکانی شەریف پاشا دوو برای هەبووە بە ناوی ( فوئاد پاشا) و براکەی تری ناوی ئەحمەد عیزەت بەگ بووە [5] .

---

١ فەرهاد پیرباڵ ، ژەنەڕاڵ شەریف پاشا ، چ، سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٠ ، ل ٢٠ .

٢ جیمس ریج ، س ،پ ، ل٣٢٠ .

٣ ئەمین زەکب بەگ، س ، پ ، ل ٢٠٥ – ٢١٠ .

٤ ڕۆهات ئالا کۆم ، گوتاری ( دە ساڵ لە ژیانی ژەنەڕاڵ شەریف پاشا لە ستۆکهۆڵم ، س مامۆستای کورد ) ، ١٩٩٥ز " ژ ٢٧ .

٥ ئەمین زەکی بەگ ، س ، پ ، ل ٢٧٤ .

**تەوەرەی یەکەم: ژیانی کۆمەڵایەتی شەریف پاشای خەندان ( ١٨٦٥ - ١٩٥١ )**

**باسی دووەم: ژیان و کەسایەتی شەریف پاشای خەندان**

ناوی تەواوی محمد کوڕی سەعید پاشای کوڕی حسێن پاشای کوڕی ئەحمەد ئاغای خەندانە لە شاری سلێمانی لە دایک بووە لە ١٣ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٦٥ی ز لە ئۆسکۆدار لە ئەستامبوڵ لە بنەماڵەیەکی ئەرستۆکراتی دەسەڵاتداری عوسمانی بە بنچینەی کورد لەدایک بووە بنچینەی خێزانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شاری سلێمانی[١] ، هەرچەندە سەرچاوەی تر هەن بۆچوونی جیاوازیان هەیە سەبارەت بە شوێنی لە دایک بوونی لەوانە ( د. فوئا حەمە خورشید ) لە گوتاری ژنەڕاڵ شەریف پاشا کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس لە گۆڤاری ڕەنگین ئاماژە بەوە دەکات لە ساڵی ١٨٦٥ز لە سلێمانی لە دایک بووە ،بەڵام لەوەدا هەڵەیە کە لە سلێمانی لە دایک بووە، لە گوتارەکەی ڕۆهان ئالا کوفە لە ستۆکهۆڵم دەڵێت لە ساڵی ١٨٣٩ لە ئەستەمبوڵ لە دایک بووە [٢] ، لە ساڵانی ( ١٨٧١ - ١٨٧٥ ) لە سلێمانی دەچێتە بەرخوێندن دواتر خوێندنی ئامادەیی لە ئەستەمبوڵ لە قوتابخانەی گەلەتەسەرای کە تایبەت بوو بە کوڕی میر و پاشاکان خوێندن لەوێ تەواو دەکات [٣] ، زۆر وەزیفەی گەورەی لە قەفقاز و فارس و بۆلگاریا وەرگرتووە پاشان بۆتە پارێزگاری ڤارنا پاشان کرایە والی جەزائیر باحر سفید [٤] لە ١٥ی کانونی دووەمی ١٨٨٥ ڕوتبەی بۆزرباش وەردەگرێت هەر لە هەمان ساڵ دەچێتە فەڕەنسا لەوێ لە قوتابخانەی عەسکەری خوێندنی سەربازی تەواو دەکات[٥]، لە ساڵی ١٨٨٦ بۆ ماوەی سێ ساڵ کراوە بە باڵوێزی قەوقەلعادی لە بەرلین [٦]، لە کۆتای ١٨٨٩ پلەی جەنەڕاڵ وەردەگرێت دوای گەڕانەوەی بۆ ئەستەمبوڵ ماوەیەک دەبێت بە ڕاوێژکار و دواتر فێربونی زمانی فەڕەنسی ڕێگای بۆ خۆشکردن بچێتە ناو کایەی دیپلۆماسی و یەکەمین جار وەکوو ئاتاشکەی عەسکەری لە باڵوێزخانەی عوسمانی لە بڕۆکسل کار دەکات [٧] ، ئەمینە خانم کچی عەباس حیلمی کوڕی محەممەد عەلی پاشای والی میسرە [١]، ئامۆزای

---

١ نەجات عبدالله ، دپلۆماتیەکانی شەریف پاشای خەندان ، ١٩١٨ – ١٩٢٠ ، ز ، چ ، ژین ٢٠٠٨ ، ل ٩ .

٢ عەبدوالعزیز یامولکی ، گ ، پەیڤین ، ژ ٢ ، سلێمانی ، ١٩٩٧ ز ل ١٠٤ .

٣ نەجات عبدالله ، س . پ ، ل ٩ .

٤ فەرهاد پیربالْ ، ژەنەڕاڵ شەریف پاشا ، ٢٠٠١ ، چ١ ، ل ١٦ .

٥ نەجات عبدالله ، س . پ ، ل ١٠ .

٦ فەرهاد پیربالْ ، س.پ ، ل ١٠ .

٧ نەجات عبدالله ، س . پ ، ل ١٠ .

مەلیک فارووق پاشای میسر بووە [٢] ، ئەمینە خانم خوشکی سەدری ئەعزەمە[٣] ، وە شازادە ئەمینە خانم کەسێکی زۆر دەوڵەمەند بووە زەوی و زاریان زۆر بوو لە قەراخی ڕووباری نیل لە میسر لە دایک بووە بەڵام لە ئەستامبۆڵ گەورە بووە [٤].

ئەمینە خانم لە ساڵی ١٨٩٠ ز هاوسەرگیری لەگەڵ شەریف پاشا کردووە سێ منداڵیان هەبووە منداڵی یەکەمیان کە کچێک بووە لە ساڵی ١٨٩٢ لە ئەستەمبوڵ لە دایک بووە بە ناوی باوکی نراوە کە بە شێوەیەک بۆ مێش بە کارهاتووە ناوی ناوەر ( شەریفە ) دوو کچی تری هەبووە بە ناوی سەعیدە و جەسا لە ستۆکهۆڵم لە دایک بووە لەسەر چاوەی تر ناوی منداڵەکانی بە ناوی ترەوە هاتووە وەک کتێبەکەی د. فەرهاد پیر باڵ کە ناوی ژنەڕاڵ شەریفی پاشا بە جیاواز ناوی کچەکانی دەهێنێت لەوانە زەینەب شەریف، سزا سەبارەت بە مردنی شەریف پاشا سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن لە ساڵی ١٩٥١ لە تەمەنی هەشتا و شەش ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە کوردستان سەرکردەیەکی تری گەورە لە دەست دەدات [٥] .

---

١ زنار صلوبي , في سبيل كوردستان , ١٩٨٧ , ل ٣٥ .

٢ عبدالله جەودەت ، گ . ڕۆژی کورد ، ئەستەمبوڵ ١٩١٣ ز ، ژمارە ١ ، ل ٤ .

٣ زنار صلوبي ، س . پ ، ل ٢٠ .

٤ ڕۆهات ئالاکۆم ، س . پ ، ل ٢٥٧ .

٥ محمد ئەمین زەکی ، س . پ ، ل ٢٥٧ .

**تەوەری دووەم : (ژیانی سیاسی شەریف پاشا )**

**باسی یەکەم/ ژیانی ئیداری و ڕووناکبیری**

**باسی دووەم/ ژیانی چالاکییە سیاسییەکانی شەریف پاشا**

## باسی یەکەم / ژیانی ئیداری و ڕووناکبیری

١ / ژەنەڕاڵ شەریف پاشا بە هۆی زیرەکی و لێهاتووی زۆرەوە توانیویەتی چەندان پلەی کارگێڕی و سیاسی وەربگرێت، یەکەمین پلە کە پێی دراوە لە لایەن دەوڵەتی عوسمانی لە لایەنی ئیدارییەوە ڕووتبەی ( فەریق ) وەردەگرێت [١] , پاشان لە نێوان ساڵانی ١٨٨٥ ز- ١٨٨٩ ز دەچێتە شاری پاریس پایتەختی ئێستای وڵاتی فەڕەنسا لە پەیمانگای سەربازی لە ( سانت سید ) درێژە بە خوێندنی سەربازی دەدات هەر لەوێ پلەی ژەنەرال وەردەگرێ [٢] ,دواتر لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٨٨٩ ز کاتێ پلەی ژەنەڕاڵی وەردەگرێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەستەمبوڵ ماوەیەک لەوێ دەبێت بەڕاوێژکار دواتر فێربوونی زمانی فەڕەنسی ڕێگەی بۆ خۆش دەکات کە وا بچێتە ناو کایەی دیپلۆماسی و بۆ یەکەم جار وەکو ئەتاشکەی عەسکەری لە باڵوێزخانەی عوسمانی لە برۆکسیل پاریس دەستبەکار دەبێت پاشان دوای ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ کچەزاکەی محمد عەلی پاشای میسر دەکات زۆر سەرسام دەبێت بە کەسایەتی محمد عەلی پاشای میسر وە لای ئەو وڵاتی میسر شوێنێکی تایبەتی هەبوو [٣], پاشان لە ماوەی نێوان ساڵانی ( ١٨٩١ ز – ١٨٩٧ ز ) شەریف پاشا لە پلەو پایی دەوڵەتی عوسمانیدا وردە وردە ساڵ بە ساڵ بەرزتر دەبوویەوە بە تایبەتی لە بواری ئیدارە و سەربازی لە ئیستامبۆڵ [٤] ,دواتر وەزیفەی گەورەی دپلۆماسی شەریف پاشا لە خاکە لێوەی ساڵی ١٨٩٨ ز بەدواوە دەست پێ دەکات کاتێک لە ٤ی ئادارردا فەرمانی سوڵتانی بۆ دەردەچێت لە ١١ی تەموزدا وەک باڵوێزی فەوقەلعادی عوسمانی لە ستۆکهۆڵم دەست بەکار دەبێت [٥] دوای ئەوەی کراوە بە باڵوێزی عوسمانی لە سوید بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لەم پۆستە

---

١ فەرهاد پیربالْ ، ژەنەڕاڵ شەریف پاشا ، چ ، سەردەم ، ( سلێمانی ٢٠٠١ ز ) ، ل ١٧ .
٢ ڕەفیق حلمی ، یاداشت ، بغداد ، ١٩٩٨ ز ، ل ٢٠٥ .
٣ نەجات عبدالله ، س . پ ، ل ١٥ .
٤ فەرهاد پیربالْ, س . ث , ل ١٨ .
٥ نەجات عبدالله ، س . پ ، ل١٠ .

بەردەوام دەبێت [1] تاوەکو ٧ی حوزیرانی ١٩٠٨ ز هەروەک باڵوێزی عوسمانی لە ستۆکهۆڵم دەمێنێتەوە پاشان لە ١٨٩٩ز لە ستۆکهۆڵم هاوڕێیەتی لەگەڵ پاشای سوید ئۆسکاری دووەم ( ١٨٢٤ – ١٩٠٧ز ) پەیدا دیکات لە پایزی ئەو ساڵدا لە کاتی مانۆرێکی سەربازی لە مەڵبەندی سکۆنە لە سوید لەگەڵ ئۆسکار پاشای سوید سەفەرێک دواتر ١٢ / ٩ / ١٨٩٩ لە وڵاتی سوید خەڵاتی نیشانی شمشێری پێ دەبەخشرێت [2] ، لەلایەنی ڕوناکبیریەوە شەریف پاشا ٢٥ / ٩ / ١٩٠٨ ز لە ئەستەمبوڵ لەگەڵ ئەوین علی بەدرخان شێخ عبدالقادری شەمزین أحمد زولکەفەل پاشا کۆمەڵەی ( کورد تەرەقی جەمعیەتی ) دادەمەزرێنێت [3] .لەهەمان ڕۆژیشدا یانەی کۆمەڵە لە ئەستەمبوڵ دەکرێتەوە نوێنەری شاری حوسنی ( ڕەشید بەگ ) وتاری کردنەوەی یانەکەی تێدا دەخوێنێتەوە ئەم کۆمەڵەیە ( ٥٠٠٩ ئەندامی زیاتری هەبووە ڕۆژنامەیەکیشیلن بڵوکردۆتەوە بەناوی ( کوردستان تەرەقی کزنەس ) کە پیرەمێرد دەبێتە هاوڕێی شەریف پاشا لە ١٥ / ١٠ / ١٩٠٩ز شەریف پاشا گۆڤارێک بەناوی مەسزوتیەت کە ئۆرگانی حوکمی خۆیەتی لە پاریس بڵاو دەکاتەوە تا مانگی شوباتی ساڵی ١٩١٤ز بەردەوام دەبێت هیچ بڕگەو وتارێکی بلاوکراوەی بڵاوکارەوەی نێو گۆڤارەکەی باسی سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کورد ناکات بەڵکو دیدێکی ڕادیکاڵی لیبراری پێشکەش دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دەستوری عوسمانی ڕادیکاڵیدا وە لە ژمارە ( ٤٧ ) ی گۆڤارەکەیدا نامەیەکی پیرۆزبایی بە زمانی فەڕەنسی بە بۆنەی دامەزراندنی ( جەمعیەتی جوای طەلەبەی کوردان ) بڵاو دەکاتەوە داوا لەگەلی کورد دەکات خەباتەکەیان پتەوتر بکەن لەدەست بەڵایەک ڕزگاریان ببێت بەناوی ( ئیتیحادو تەرەقی ) یە لەهەمان وتار پیرۆزبایی دەکات لە دەرچونی گۆڤاری ( ڕۆژی کورد ) لە ئەستەمبوڵ وە لە سەرەتای ساڵانی ١٩١٨ز ژەنەڕاڵ شەریف پاشا دەکەوێتە سەر ئەو کتێبانەی کە کورد ناسە فەڕتسی و ئینگلیزەکان لەسەر کورد نوسیویانە [4] ، هەروەها کۆکردنەوەی بەڵگەنامەی زیاترو باوەڕپێکراوتر لەبارەی مێژووی کوردستان . لە ٢ / ٢ / ١٩١٩ دەگەڕێتەوە پاریس خۆی بۆ پڕۆژەیەک ئامادە دیکات ٦ / ٢ / ١٩١٩ نامەیەکی تایبەت بەخواستەکانی نەتەوەی کورد لە پاریسەوە بۆ سەرۆکی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس دەنێرێت ئەو هەڵوێستە گرنکەی ژەنەڕاڵ شەریف پاشا لە بەژداریکردن لە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس کە هیچ کوردێکی تر نەبوو ئەو بەرپرسیارێتیە هەڵبگرێت لە ڕۆژنامە و

---

١ وەلید حمدی ، الکرد في وثائق البریتانیة ، ١٩١٩ , ل ١٨٣ .
٢ فەرهاد پیرباڵ ، گۆڤاری گوڵان ، ١٩٩٧ز ، ژ ١١٩ ، ل ٢١ – ٢٣.
٣ بلیەچ شێرکۆ ، کێشەی کورد ، ١٩٩٢ز ، چ٣ ، ل ٥٠ .
٤ فەرهاد پیرباڵ, س . پ, ل ٢٣ .

گۆڤاره كوردی و ئەرمەنی و عەرەبی و فارسی و توركی و ئینگلیزی و فەڕەنسی دەنگی دایەوە [1] . شەریف پاشا ٢ نامه دەنێرێت بۆ ( ڕۆبەرت فانیتاری ) سكرتێری یەكەمی باڵوێزخانەی بەریتانی لە پاریس بۆ ئەوەی بیخاتە بەردەم وەزیری دەرەوەی بەریتانیا [2] ، ڕونی كردەوە كە كورد ئەویان وەكو سەرۆكی دەوڵەتی كوردی هەلبژاردووە لە ١ / ٣ / ١٩٢٠ بۆ دووەم جار یاداشتنامەی پێشكەش بە ئەنجومەنی باڵای كۆنفرانسەكە دەكات لە نەخشەیەكی تری كوردستان لە ٨ / ١٢ / ١٩٣٦ نامەیەكی نهێنی بۆ مۆسۆلین دەنێرێت وە لە٢٧ / ٧ / ١٩٤٢ ز دووبارە نامەیەكی دپلۆماسی لە بارەی كێشەی كورد كە پەیوەندی بەجەنگ و سوێندخواردنەوە بەم شێوەیە هەوڵەكانی بۆ وەرگرتنی ئۆتۆنۆمی بۆ كورد بەردەوام دەبێت و ناوەستێت [3] .

١ گۆڤاری كوردستان " ١٩١٩ز ، ژ٤ ، ل ٣٦ .
٢ عەبدوالعزیز یامولكی ، س . پ ، ل ١١٣ .
٣ فەرهاد پیربال, س . پ, ل ١٠٠ – ١٠٤ .

## تەوەرەی دووەم : ژیانی سیاسی شەریف پاشا

### باسی دووەم : ژیانی چالاکیە سیاسیەکانی شەریف پاشا :

لە سالآنی ١٩٠٤ ز ئەحمەد ڕەزا کە یەکێکە لە سەرکردەکانی ( حیزبی ئیتیحاد و تەرەقی ) کاتێک دەچێتە ستۆکهۆلم بۆ دژایەتیکردنی دەولەتی عوسمانی چاوی بە شەریف پاشا دەکەوێت موختار بەگ سکرتێری شەریف پاشا ئەم باسە بە سولتانی عوسمانی دەگەیەنێت ، پەردە لە پەیوەندییەکی نێوان شەریف پاشا و کۆمەلەی ئیتیحاد و تەرەقی هەلدەمالێ سولتانی عوسمانی داوا لە شەریف پاشا دەکات ئەحمەد ڕەزا ئەندامی ئەم کۆمەلەیە بگرێت و تەسلیمی دەولەتی بکات بەلآم شەریف پاشا ڕازی نابێت لە ئەنجامی ئەوەدا پەیوەندی نێوان سولتان و ژنەڕال تێک دەچێت و گومان لەسەری پەیدا دەکات بۆیە سولتان فەرمانی دەرکر کە نابێت ژەنەڕال بگەڕێتەوە ئەستەمبول پێویستە لە سوید بمێنێتەوە [1] . لە سالی ١٩٠٧ ز بە هۆی پێگەی بەرزی باوکێ یەوە هەر وەها لەبەر ئەوەی شەریف پاشا نوێنەرێکی باشی حکوومەتەکەی کردبوو سولتانی عوسمانی چاوپۆشی لەم کارەی ژەنەڕال کرد [2] ، لە ١٩٠٨ ز شەریف پاشا خەلآتی نیشانەی ( ئەستێرەی باکووری ) لە لای پاشای سوید وەردەگرێت لە دوای کودەتای کەنجە تورکەکان شەریف پاشا بە دەرفەتی دەزانێت و دەگەڕێتەوە ئەستەمبول لەگەل ئەمین علی بەدرخان و سعید عبدالقادر شەمزینانی [3] ، جامیعەی ( تەعاون و تەرەقی کوردی ) دروست دەکەن ئەم ڕێکخراوە بە شێوەیەکی ڕەسمی لە سالی ١٩٠٨ ز لە ئەستەمبول دامەزراو سەعید عەبدولقادر شەمزینی سەرۆکی ئەم جامیعەیە بوو شەریف پاشا زۆر کەم لە ئەستەمبول دەمێنێتەوە هەر زوو پەیوەندی لەگەل ئیتیحادەکان تێک دەچێت دوای سالی ١٩٠٨ ز دەگەڕێتەوە پاریس بە هۆی ئەوەی ئیتیحادیەکان ڕازی نابن شەریف پاشا ببێتە بالوێزی تورکیا لە پاریس بۆیە شەریف پاشا پارتێکی نەیاری دژی ئیتیحادەکان لە پاریس لە سالی ١٩٠٩ ز دادەمەزرێنێت گۆڤارێکی بە ناوی وەشرویەت کە کە ئۆرگانی حزبەکەی خۆیەتی لە پاریس بلآو دەکاتەوە تا مانگی شوباتی ١٩١٤ ز بەردەوام دەبێت [4] .

---

١ فەرهاد پیربال, س . پ, ل ١٩ .
٢ ڕۆهات ئالآکۆم ، دەسال لە ژیانی ژەنەڕال شەریف پاشا ، ١٩٩٥ ز ، ژ٢٧ ، ل ٥٧ .
٣ بلەچ شێرکۆ، کێشەی کورد ، چ٢ ، ( قاهیرە ١٩٩٢ ز )
٤ نەجات عبداللە ، س . پ ، ل ١١ .

## تەوەرەی سێیەم : شەریف پاشا لەبەردەم کۆنفراسی ئاشتی لە پاریس ( ١٩١٩ – ١٩٢٠ )

### باسی یەکەم / کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس ( ١٩١٩ – ١٩٢٠ )

لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٤ – ١٩٢٠ ئەم کۆنگرەیە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی لە پاریس پایتەختی فەرەنسا ( ٦ی شوباتی ١٩١٩ز) بەستراو ە ئامانجیش لە بەستنی ئەم کۆنگرەیە چەسپاندنی ئاشتی بوو لە جیهان هەروەها ئاوڕدانەوە بوو لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتە تێکشکاوەکان جەنگ لەو کۆنگرەیەشدا نوێنەری زۆربەی وڵاتانی جیهان و گەلانی بەش خوراو بەشدارییان کرد گەلی کوردیش بۆ ئەم کۆنگرەیە جەنراڵ شەریف پاشا بووە نوێنەری ، کە ڕاپۆرتێکی پێشکەش بە کۆنگرە کرد هەروەها لە شەشی شوباتی هەزار و نۆسەد و چواردە چاوی بە سەرۆکی کۆنگرە کلیمانسۆ سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا کەوت و لەسەر مافی ئۆتۆنۆمی بۆگەری کورد بیروڕای ئاڵوگۆڕ کرد بەڵام کۆنگرەکە بە هیچ شێوازێک ئاوڕی لە مافی گەلی کورد نەدایەوە لە کاتێکدا مافی گەلانی وەک ( ئەرمەن و عەرەب ) لەبەرچاو گیرا چونکە کورد لە جەنگەکدا لەبەرەی دەوڵەتانی ناوەند بوو جگە لەوەش دەسەڵاتدارانی ئینگلیز و فەرەنسا لەبەربەرژەوەندییەکانی خۆیان لە ناوچەکەدا دانیان بە مافە ڕەواکانی کوردان نەدەنا هۆکاری بەستنی ئەم کۆنگرێش خۆی دەبینێتەوە لە چەندخالێکی سەرەکی گرنگترینیان :

١- یەکلاکردنەوەی چارەنووسی زەوییە داگیرکراوەکان بوو کە پێشتر لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا بوو دواتر بە ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی چارەنووسی ئەو ناوچانە دیاری نەکرابوو

٢- دانانی نەخشەیەکی نوێ بۆ وڵاتە زلهێزەکان لە ڕۆژهەڵات.

٣- پێدانی مافی کەمە نەتەوەکان،

شایانی باسە هەرچەندە کورد بە نوێنەراتی شەریف پاشا بەشداری کردو

ویستی وەک یەکێک لە نەتەوە ژێردەستەکانی عوسمانی داوای مافی ئۆتۆنۆمی و سەر بە خۆی بکات یەکێک لە هاندەرەکانیشی بڵاوبوونەوەی ـەندەکەی وێڵ سۆنی سەرۆکی ئەمریکا بوو کە باسی لەسەربەخۆیی کەمە نەتەوەکان دەکرد بەڵام ئەوە بۆ کورد وەک نەتەوەکانی تر نەچووە سەر و ئەگەرچی جەنەڕاڵ شەریف پاشا چەندین یاداشتی پێشکەش بە کۆمەڵەی گەلان کرد لە ساڵی ١٩١٩ بەڵام

بێ ئەنجام بوو چونکە هەر یەکەلە دەسەلاتدارانی ئینگلیز و فەڕەنسا ئامادە نەبوون لە پێناو مافی کورد سازش بکەن و سەربەخۆییان پێ بدەن [1] .

**تەوەرەی سێ یەم**

**باسی دووەم : شەریف پاشا یەکەمین یاداشتنامەی کە پێشکەش بە کۆنگرەی ئاشتی کردووە لە پاریس**

پێشکەشکردنی یاداشت نامەیەک لەبارەی داخوازییەکانی گەلی کورد بە زمانی فەڕەنسی ئەو یاداشت نامە ناودارەی ژەنەرال شەریف پاشایە کە تێیدا بۆ یەکەمین جار داخوازی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەکات بۆ کورد لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی یانەی ئاشتی کە لە پاریس لە پێناو دیاریکردنی چارەنووسی گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەسترا ئەم یاداشت نامەیە نەخشەیەکی کوردستانی گەورەشی لەگەڵدا بوو [2] وە ئەم یاداشتنەمەیە بە مێژووی ٦ شوباتی ١٩١٩ پێشکەشی کردووە لەم یاداشتنامەیە مەبەستی ئەوە بوو کە وەک سەرۆکی وەفدی کورد بناسرێ لەم یاداشنامەیەدا کە دواتر بوو بە بنەمای یاداشنامە ڕەسمییەکەی ٢٢ ئاداری ١٩١٩ زۆر بە ڕاشکاوی داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دەکات شەریف پاشا دوای ئەوەی وەکوو سەرۆکی وەفدی کورد هەڵدەبژێردرێت ٢٤ ئاداری ١٩١٩ لە نامەیەک دا بۆ جۆرج کلیمانس هەڵبژاردنی خۆی وەکوو سەرۆکی وەفدی کوردی پێ دەناسێنێت و دەنووسێت ( ئێستا حەز دەکەم خۆم بخەمە خزمەت کۆنگرە بۆ کارپێکردنی خواستە ڕەواییەکانمان و هەموو ڕوونکردنەوەیەکی پێویست لەبارەی کوردستانەوە ) داوای دامەزراندنی حکوومەتێکی کاتی دەکات لە کوردستاندا یەکەم یاداشتنامەی ڕەسمی کە دوای ئەوەی دەبێتە سەرۆکی وەفدی کوردی ٢٢ ئادار لە نامیلکەیەکی چاپکراوی چاپکراوی ئەورووپیدا بە زمانی فەرەنسی وەرگێردراوە ئینگلیزیەکەشی پێشکەش بە سەرۆکایەتی کۆنگرەی ئاشتی دەکات لە نامەی ١٥ی نیسانی ١٩١٩ە کە بۆ سەرۆک وەزیرانی هەر چوار دەوڵەتە گەورەکەی کۆنگرەی ئاشتی ناردووە داوا دەکات بۆ ڕێگە گرتن لە گوشارێکی نوێ لە نێوان کورد و ئەرمەند بۆ کۆتایی هێنان بەو پاشاگەردانییەی کە لە کوردستاندا هەیە پێویستە حکوومەتێکی کاتی کوردی دروست بکرێ شەریف پاشا دیسان لە ٢٤ی تەمووزی ١٩١٩ لە ڕێگەی ڕۆبێرت ڤانیستارت سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانەی بەریتانیاوە لە پاریس لە یاداشتنامەیەک کە ئاراستەی بەلفۆرد دەکات و زۆر هێمنانە ڕێوشوێنی ورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دەستنیشان دەکات و

---

١ ئەحمەد عوسمان ئەبوبکر ، کوردو کوردستان لە کۆمەڵە وتارێکی مێژوویدا ، و : ئازاد عوبێد صالح ، چ١ ، هەولێر ، ٢٠٠٥ ، ل ٢٥ – ٢٧ .

٢ فەرهاد پیربالْ ، س . پ ، ل ٢٧ .

داوا دەکات بە ( نهێنی دەوڵەتیکی کوردی ئامادە بکرێ پێش ئەوەی بخرێتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان ) دواجار شەریف پاشا لە سێ یەمین یاداشنامەی دا کە لە ١ ی ئاداری ساڵی ١٩٢٠ پێشکەش بە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای کۆنگرەی ئاشتی کراوە زۆر بە وردی بە کوردستانیەتی شەش ویلایەتە کوردییەکەدا هاتۆتەوە کە بڕیار بوو بخرێتە ناو بازنەی ئەو دەوڵەتە ئەرمانیەیی کە بڕیار بوو دروست بکرێ [1] .

---

١ نەجات عبدالله ، س . پ ، ل ١٥ .

**ئه نجام**

لەم توێژینه وەیەدا گەیشتینه ئەم  ئەنجامانە:

١- دەرکەوتنی گرنگی کە سایەتی شەریف پاشا وەکو کەسایە تیەکی گە ورەی کورد و هە وڵە گرنگەکانی بۆ بەدەستهێنانی ئۆتونۆمی بۆکورد لەوانە بە شداریکردن لەکۆنگرە ی ئاشتی لە پاریس ١٩١٩ ز.

٢- تێگەیشتن لەگرنگی کارە انی شەریف پاشا و ڕۆڵی لە دامەزراندنی چەندین کۆمەڵە لەوانە کۆمە ڵەی ئیتیحاد و تەرە قی هە روەها یەکەم کورد بووە کە گوتارێکی کوردی بە زمانی فەرە نسی بڵاوبکاتە وە بەناوی (مەشروتییە).

٣- گرنگی دەرکە وتنی کەسایە تی شەریف پاشا کەهیچ کوردێک وهکو ئەو نەیتوانیووە ئەو بە رپرسیارەتیەگەورەبە بخاتە ئەستۆی وەک ئەو بۆبە دەستهێنانی مافە نەتەوەییە کانی کورد و هەوڵدان بۆ چارەسە رکردنی مەسەلەی کێشەی کورد لە گەڵ داگیر کەران.

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوەکان بە زمانی عربی:


١. ئەمین زەکی بەگ ، تأريخ السليمانية ، و: جميل أحمد ڕۆژبەیانی ، بغداد ، ١٩٥١ز
٢. جیمس ریج ، رحلة في تأريخ ، ١٨٨٠ ، وبهاءالدين نوری ، بغداد ١٩٥١
٣. زنار صلوبي , في سبيل كوردستان , و , رضدين علي , منشورات , بيروت , ١٩٨٧
٤. وليد حمد ، الكرد في وثائق البريتانية ، ١٩١٩ , لندن ، ١٩١٩ ز


### سەرچاوەکان بە زمانی کوردی :


١. ئەحمد عوسمان ئەبوبکر ، کوردو کوردستان لە کۆمەڵە وتارێکی میژوییدا ، و: ئازاد عوبێد سالْح ، چ١ ، هەولێر ، ٢٠٠٥
٢. بلەچ شێرکۆ ، کێشەی کورد ، ١٩٩٢ز ، چ٣ ، قاهیرە ، ١٩٩٢
٣. ڕەفیق حلمی ، یاداشت ، بغداد ، ١٩٩٨ ز
٤. فەرهاد پیربال ، ژەنەڕاڵ شەریف پاشا ، چ ، سەردەم ، ( سلێمانی ٢٠٠١ ز )
٥. نەجات عبدالله ، نامە دپلۆماتیەکانی شەریف پاشای خەندان ، ١٩١٨ – ١٩٢٠ ، ز ، چ ، ژین ٢٠٠٨ .


### سەرچاوەکانی گۆڤار بە زمانی کوردی


١. جەبار قادر ، س ، کاروان ، ژ ٣٢
٢. ڕۆهات ئالا کۆم ، گوتاری ( دە ساڵ لە ژیانی ژەنەڕاڵ شەریف پاشا لە ستۆکهۆڵم ، س مامۆستای کورد ) ، ١٩٩٥ز
٣. عبدالله جەودەت " گۆڤاری ڕۆژی کورد ، ئەستەمیوڵ ١٩١٣ .
٤. عەبدوالعزیز یامولکی ، گ ، پەیڤین ، ژ ٢ ، سلێمانی ، ١٩٩٧ ز
٥. فەرهاد پیربال ، گۆڤاری گوڵان ، ١٩٩٧ز ، ژ ١١٩

٦. گۆڤاری کوردستان " ١٩١٩ز ، ژ٤ ،

**پاشکۆ**



**ژەنەڕاڵ شەریف پاشا ( ١٨٦٥ – ١٩٥١ )**